# پەلکە ڕەشەکان



ئالان محەمەد

# پەلکە ڕەشەکان

**ئالان محەمەد**

ترس... ئەو هەستە نادیارەی کە خودا خستوویەتییە دڵی مرۆڤەکانەوە، ئەو هەستەی کە زۆرینەی مرۆڤەکان بێ هیچ بەرپەرچدانەوەیەک لە هەمبەری چۆک دادەن، بەڵام هەر ئەو هەستەش کە دەکرێت کۆنترۆڵ بکرێت و ببێت بە بوونیاتێکی بەرجەستە.

چی دەبێت ئەگەر خودی ترس ڕوویە دیارەکەی خۆیمان پیشان بدات؟ چی دەبێت ئەگەر ترس بوو بوونێکی خاوەن هزر؟

بۆ ماوەی هەزارەها ساڵ لە "ترس"ی خەڵک شتێک هەنگاو بە هەنگاو و بە پێی ئەو کاتە دوور و درێژە دەستی کرد بە هاتنەوە بوونەوە، شتێک کە بە پێی کات هزرێکی تایبەت بە خۆی پێکهێنا، شتێک کە لە ئاکامی ترسەوە پەیدا بوو. بۆ ماوەی هەزارەها ساڵ خەڵک دووچاری کوشتن، تاڵان، دەستدرێژی، توندوتیژی بوونەوە، ئەمانەش هەر لەسەر دەستی ئەو خەڵکە کە بۆ چەند دەستەیەکی جیاواز جیا ببوونەوە. هەموو ئەمانە ترسێکیان پێکهێنا کە لە کۆتاییدا لە بوونی نادیارەوە بوو بە خاوەنی ڕوویەکی بەرجەستە. بوونەوەرێک، بوونەوەرێک کە بە درێژایی کات تەنیا ناوی لە چیرۆکە ترسناکەکاندا دەهات و وەکو خەیاڵێک لەلایان خەڵکەوە سەیر دەکرا. تەنیا بە هۆی ئەوەی کە بە چاوەکانی خۆیان نەیاندەبینی ئەوا بوونی ئەویان ڕەت کردەوە و تەنیا بۆ ترساندنی منداڵان ناوی دەهێنرا، بەڵام لەوە بێ ئاگا بوون کە ئەوەی ڕەتیان دەکردەوە لە تاریکایی شەودا لە پشت دەوەن و درەختەکانەوە بە ددانە تیژ و چاوە زەردەکانییەوە بە گەدەیەکی بەتاڵەوە لەوانی دەڕوانی.

شەوێکی باراناوی بوو، بایەکی توند هەڵیکەندبوو، دڵۆپەکانی باران لەگەڵ گەڵا زەردەکانی پاییز بە هۆی ئەو بایەوە کایەیان پێدەکرا و بە بۆشاییدا بێ ئەوەی هیچ ئامانجێکیان هەبێت دەسووڕانەوە، دواتر کە بایەکە کەمێک توندییەکەی نەدەما ئەوا گەڵایەکان دەکەوتنە سەر زەمینی قوڕینی گوندەکە کە بە هۆی بارانەوە بە ئەستەم دەتتوانی بەسەر ڕێگاوبانەکانیدا بڕۆیت.

-عەلی، توزاتی خوا لێیگەڕێ، توخوا بەسە!

-لاچۆ قەحبەی خوێڕی!

کە ئەمەی گوت، ئەوا عەلی بە زللەیەکی توند و بەهێزەوە (مەریەم)ی هاوسەری خستە سەر زەوی، جێ شوێنی ئەنگوستیلەی عەلی لەسەر ڕووخساری دەرکەوت. مەریەم خێرا ویستی هەستێتەوە، بەڵام هەستی بە ئازارێکی گەورە کرد لەسەر ئانیشکی و نەیتوانی. فرمێسک وەکو بارانەکەی دەرەوە بەسەر ڕوومەتی چل ساڵەی دەهاتە خوارەوە.

-بابە توخوا لێم مەدە، بابە نەمزانی! توخوا وازم لێبێنە!

-دەمت داخە کچی قەحبە!

بە هەنگاوی وەها تووڕەوە لێی نزیک بۆوە وەکو ئەوەی کە خودی هەورەگرمەیەک بێت.

-دەچیت کوڕی خەڵک ماچ دەکەیت ئەی بێ حەیا! حەیا و شەڕەفی منت برد!

-بابە توخوا...

-گوتم دەمت داخە!

مستێکی لە دەمی دا، بە شێوەیەکی وەها توندی لێدا کە خوێنی بە دەمدا هێنایەوە خوارەوە و دوو ددانی شکاندن.

لینا کەوتە سەر زەوی، بەسەر لای چەپی کەلەکەیدا لەسەر فەرشە سوورەکە کەوت. بۆ ساتێک ئاگای لە هیچ نەما و تاسا، بەڵام دوای چەند چرکەیەک هزری بۆ گەڕایەوە، ترس.

دەستی کرد بە خشکەکردن بەرەو لای سەرینەکان، بە ئەندازەیەک لە ترس و ئازاردا بوو کە لەو ساتەدا تەنیا دەیەویست خۆی لە پشت شتێک بشارێتەوە و ئەو بارودۆخە وەکو هەورەکانی بەهار خێرا تێپەڕن.

دەستی بەرەو لای سەرینێک درێژ کردەوە بۆ ئەوەی بەسەر خۆی دابدات، بەڵام باوکی ڕێک لەو ساتەدا ڕۆیشتە سەری.

قایشێکی بەدەستەوە بوو، لینا نەیزانی لە کوێی هێناوە.

"کچی قەحبە! حەیا و ناموسی منت برد! دەتکوژم، سوێند بەو خوایە دەتکوژم!"

لینا دەستەکانی بەرز کردنەوە و ڕووخساری سوور بووەوەی داپۆشی.

"قەحبەی خوێڕی، حەیا و ناموسی منت برد! دەتکوژم!"

دەستەکانی لینا بە هۆی لێدانی قایشەکەوە و شین و مۆر بووبوونەوە، کەوتن و چیتر نەیتوانی بەرگری لە خۆی بکات.

کە خەریک بوو دووبارە بە قایش لێیداتەوە، ئەوا دایکی لە پشتەوە هات و عەلی گرت، وەکو ورچێک باوەشی پێدا کرد و ڕێگری لێ کرد کە چیتر لێی نەدات، بەڵام ئەوە تەنیا چەند چرکەیەکی کەمی خایاند.

"هەڵێ لینا! خێرا هەڵێ!"

لینا هێزی بە خۆیدا و لەوێ ڕایکرد، بە ئەندازەیەک ترس دایگرتبوو کە لەبیری کردبوو دەستەکانی شین و مۆر بوونەوە و دەمیشی بە خوێندا دێت. لەو ساتەدا تەنیا بیری لە یەک شت دەکردەوە، ئەویش ڕاکردن بوو بەرەو ماڵی (عوسمان)ی دراوسێیان تاکو یارمەتی بدەن.

عوسمان پیرە پیاوێکی بەڕێز بوو، خاوەنی دوو کچ بوو کە هەردووکیان لەگەڵی دەژیان، هێشتا شوویان نەکردبوو.

وەکو شێتێک بە گریانەوە لە دەرگای ماڵەکەی دان، هیچ کەسێک دیار نەبوو.

"شاجوان، پەری، مامە عوسمان! بیکەنەوە! توزاتی خوا بیکەنەوە! بابم خەریکە دەمکوژێت"!

هیچ دەنگێک نەبوو، چرایەکانی ماڵەکە خامۆش کرابوون و دەرگای دەرەوەش قفڵکرابوو، هیچ کەسێک لە ماڵەکەدا نەبوو.

لەپڕ باوکی لە دەرەوە دەرکەوت، کە ئەوی بینی تاسا، لە شوێنی خۆی ڕەق بوو و بۆ ساتێک وەکو خێوێک لەو تاریکییەدا کە هەورەکان ئاسمانیان داپۆشی بوو و بارانیان دەباراند ڕەنگی سپی هەڵگەڕا. هەناسەدانی خێراتر کەوت، چاوەکانی کە لەو ساتەدا لە ترووکان وەستابوون دەستیان بە جووڵە کردەوە، هەمانیش شتیش بۆ ماسوولکەکانی قاچی کە وەکو بەرد ڕەق بووبوون و نەدەجووڵاند، ڕایکرد. باوکیشی کە پێش ئەوە خۆی لە دەستی مەریەم ڕزگار کرد و بە قایش هەموو گیانی شین و مۆر کردەوە، ئەوا بە تفەنگەکەی سەردەمی پێشمەرگەیاتی کە لەگەڵ خۆی هێنابووە دەر بەدوای کەوت.

بەسەر ڕێگا قوڕاوییەکەدا ڕایکرد، ئەو ڕێگایەی کە بەرەو خوارەوەی دۆڵەکە دەچوو و بەرەو شار بەڕێ دەکەوت، ئەمەیان کارێکی هەڵە بوو.

لە کاتێکدا بە هەناسە بڕکێیەکی زۆرەوە بە درێژایی ڕێگایەکەدا ڕایدەکرد، ئەوا باوکی تفەنگەکەی لە پشتەوە تەقاند، بەری لای چەپی ڕێگایەکە کەوت و ئەوی تۆقاند، بە هۆی ئەوەوە بۆ چەند چرکەیەک کەوتە ناو قوڕە تەڕەکە کە هێشتا باران لێی دەدا. سەیری دواوەی کرد، باوکی بە خێرایی و توڕەییەکی زۆرەوە لێی نزیک دەبۆوە. هەستایەوە و بەرەو لێژاییەکە ڕایکرد، ئەمەش کارێکی هەڵە بوو. هەر کە چەند مەترێکی لە خوارەوەی لێژایی ڕێگایەکە بڕی کە دارستانێکی چڕ بوو، ئەوا قاچی بەر بەردێکی تیژ کەوت و بە درێژایی دە مەترێک خلۆر بۆوە. دونیا لەبەر چاوەکانی دەسووڕان، شتێک لە گوێیدا وەکو سافیرەیەکی تیژ دەزرینگایەوە. هزری بۆ گەڕایەوە و هەستەکانیشی بە هەمان شێوە. تەقەیەکی تر، ئەم جارە لە سەرییەوە نزیک بوو، باوکی لە سەروو لێژاییەکەوە تەقاندی.

"دەتکوژم!"

باوکی دەستی کرد بە هاتنە خوارەوە، ئەویش هەستایەوە سەر پێیەکانی. وەکو گۆجێک ڕایدەکرد، تەواوی جەستەی بە هۆی ئازارەوە دەیناڵاند.

ئازاری دەمی، ئازاری قاچی، ئازاری پشتی کە لە کاتی خلۆربوونەوەکە بە شێوەیەکی سەخت بریندار بووبوو. سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و هەناسە بڕکێیە بۆ چرکەیەک نەوەستا، ترس ورووژێنەری ئەو بوو.

"ڕامەکە کچی قەحبەی!"

تفەنگەکەی جارێکی تر تەقاندەوە، ئەم جارە بەر درەختێکی نزیک ئەو کەوت، چەند کونێکی قووڵی لەسەر درەختەکە درووست کردن.

لە کۆتاییدا خۆی لە شوێنێکی ئاشنادا بینی، شوێنێک کە چەندین جار بۆی چووبوو.

کۆتایی هاوین بوو، لە خوارووی گردەکە لای کانیاوەکە بوون، شوێنێک بوو کە هاوینان هەر یەکە لە لینا و پەری و شاجوان دوای ئیشی ماڵەوە بۆی دەڕۆیشتن و کاتی خۆیان بەڕێ دەکرد.

دوای ئەوەی کە کاتێکی خۆشیان بەڕێکرد و نزیکی کاتژمێر پێنج بووبۆوە ئەوا بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوتنەوە، بە لای ڕێگا سەرەکییەکەدا ڕۆیشتن کە لای چەپی لێژایی دارستانەکە بوو. لە کاتێکدا بە دەم پێکەنینەوە بەسەر ڕێگا خۆڵاوییەکەدا دەڕۆیشتن ئەوا لە دوورەوە گوێیان لە دەنگی مەکینەی ئۆتۆمبێلێک بوو، لینا بۆ ساتێک دڵخۆش بوو چونکە وایزانی ئەوە برایەکەیەتی دێتە لایان، ماوەیەکی زۆر بوو نەیبینی بوو، بەڵام زانی هەڵەیە کاتێک ئۆتۆمبێلەکەی بینی. لینا لە جۆرەکانی ئۆتۆمبێلی نەدەزانی، ئەمەش بۆ کچێکی گەنجی گوندنشین شتێکی سەیر نەبوو، بەڵام بە ڕەنگەکەیەوە دەیناسییەوە. ئۆتۆمبێلی برایەکەی ڕەنگێکی سووری هەبوو کە ژەنگ بە چەند شوێنێکییەوە دەبینرا، ئەمەیان سپی بوو.

ئۆتۆمبێلەکە کە لێیان نزیک بۆوە لای کچە گەنجەکان وەستا، پیاوێکی نیمچە بەتەمەن شۆفێری دەکرد، یەکێکی تریش لەگەڵ بوو کە لە دواوە دانیشت بوو.

لینا سەرەتا سەرنجی نەدایە ئەوەی دواوە بەوەی کە باش نەیبینی.

"سەلام ڕۆڵەکانم، ئەرێ ماڵی کاک عەلی شەوکەتی لەکوێیە؟"

**بە دەم خەندەوە ددانەکانی دەرکەوتن، ئەو ددانە زەردانەی کە لە ژێر سمێڵە ڕەشکراوەکەی وەکو گەنمەشامی دەردەکەوتن.**

**کچەکان کە گوێیان لەوە بوو ئەوا پێکەنین.**

**لینا گوتی: کورە مامە مەڵێ شەوکەتی، پێی ناخۆشە.**

**"کچێ کەرە کەر، هەر ئەوە شوهرەتییەتی."**

**کچەکان ئەم جارە دایان لە قاقا.**

**"مامە بڕۆ سەروو گردەکە، ئەو ئاواییەی سەرەوە دەبینی؟ ماڵی لەوێیە."**

**پەری کە زووتر پێکەنینەکەی تەواو بوو بە خەندەیەکی بچووکەوە ئەوەی گوت.**

**"دەستتان خۆش بێت، خواحافیز."**

**کچەکانی تر سەرنجیان نەدا، بەڵام لینا سەرنجی دا. ئەوەی پشتەوەی بینی، کوڕە گەنجەکە. لە ئاواییەکە چەند گەنجێکی لێ بوون کە سیمایەکی وەها جوانیان نەبوو، بۆیە هەرگیز سەرنجی بۆ لای هیچ گەنجێک نەچووبوو. جگە لەمە، ئەمەیان یەکەم کەسێک بوو ببینێت جوانی ڕووخساری وا کاری تێبکات. هەرچەندە تەنیا بۆ چرکەیەک لە جامی ئۆتۆمبێلەکەوە تێیڕاما، بەڵام بۆ ئەو بەس بوو کە تەواوی ڕووخساری ببینێت.**

**قژە نیوە درێژەکەی کە لە دواوە بەستبوویەوە، پێستە گەنمییە سافەکەی، چاوە دڵگیر و گەورەکانی کە لەو کاتەدا دڵنیا نەبوو ئایا سەوزن یان شین، تەنیا ئەوەی دەزانی کە وەکو مانگێک دەدرەوشانەوە.**

**تەنیا لینا لەو ڕانەمابوو، کوڕە گەنجەکەش بە هەمان شێوەی ئەو سەیری دەکرد، کە نیگاکانیان بەر یەکتری کەوت ئەوا نوقمی یەکتری بوون. چرکە ساتێک... چرکە ساتێک کە وەکو هەتاهەتاییەک دەهاتە پێش چاو.**

**دوای دوو ڕۆژ بۆیان دەرکەوت ئەوە برازای کاک (عەلی)یە، ناوی نەسین بوو. هاتبووە لای مامی تاکو مانگێک لای ئەو بمێنێتەوە، هەڵبەتە ئەمەش بیرۆکەی باوکی بوو.**

**لای درەختێکی پیر و گەورە کە لە بەشی ڕاستی دارستانەکە بوو لینا پشتی پێوە لکاندبوو، درەختەکە لەناو کەمێک بۆشاییدا بوو، تاکو ڕاددەیەک لە درەختەکانی ترەوە دوور بوو، ئەو درەختە درەختی دڵخوازی ئەوان بوو. نەسین لێی نزیک بوو، سنگیان بەر یەکتری کەوتبوو، هەستیان بە هەناسەی یەکتری دەکرد، نیگاکانیان لە یەکتری قووڵ کردبۆوە.**

**-لینا...**

**-بەڵێ...؟**

**-ئایا هەرگیز پێت گوتراوە کە چاوەکانت چەندە مرۆڤ ئاڵوودەی خۆیان دەکەن؟**

**لینا بە ئەستەم توانی خۆی بگرێت، بزەیەکی کرد و ڕەنگی کەمێک سوور هەڵگەڕا. ویستی ڕووبکاتە ئەولا بۆ ئەوەی نەیبینێت، بەڵام نەسین بە دوو پەنجەی و بە شێوەیەکی نەرم چەناگەی گرت و ڕووی پێ لە خۆی کردەوە.**

**"تاکو ئێستا هیچ کچێکم نەبینیوە بەم شێوەیە دڵڕفێن و جوان بێت، جوانییەک کە لە جوانی فریشتەکان دەچێت، جوانییەک کە وادەکات تەنیا خۆی ببێت بە بوونێکی ڕەها و تەنیا ئەو جوانی ڕاستەقینە بێت."**

**لینا حەزی پێدەهات کاتێک بەو شێوە جوانە قسە دەکات، بەلایەوە شتێکی سەرنجڕاکێش بوو کە شێوەزارێکی وەها نەرم و ڕۆشنبیرانەی هەیە.**

**-لینا...**

**-بەڵێ...؟**

**ئەم جارە بە تەواوی خۆی بۆ نەگیرا، دەنگی کەمێک لەرزی و هەناسەی بڕا، چاوەکانی لە ژێر خۆردا درەوشانەوە.**

**نەسین هیچی نەگوت. دەستەکانی بەرەو سەری برد، چاوەکانیان داخست. لێی نزیک بۆوە. نزیکتر، نزیکتر، نزیکتر... لێوەکانیان بەر یەک کەوت.**

**هەموو کۆتایی حەفتەیەک لەوێ ژووانیان ئەنجام دەدا، ئەمە بەردەوام بوو تاکو ڕۆژێکیان یەکێک لە گوندشینەکان کە ئافرەتێکی زمان پیس بوو بەڕێکەوت ئەویان بینی. کە ئەویانی بینی زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوەکانی، بۆ ئەو ڕۆژە باسی خۆی دۆزییەوە.**

**ئەو ڕۆژە تاکو ئێوارەکە لینا و دایکی لە ماڵی یەکێک لە دراوسێیەکانیان بوو، خەریکی نانکردن بوون. بە هۆی ئەوەی کە با و بارانێکی بەهێز بوو، ئەوا تاکو شەو لەو ماڵە مانەوە، کە کەمێک خۆشی کردەوە ئەوا بەرەو خوارەوەی گردەکە بەڕێکەوتن، بەرەو ماڵەوەیان. کە ڕۆیشتنە ژوورەوە ئەوا بینیان عەلی بە شێوەیەکی سەیر لە هۆدەکە دانیشتووە و سەرینی بە ڕووخسارییەوە نووساندووە. هەر کە دەنگی ئەوانی بیست، ئەوا سەرینەکەی لابرد و چاوە سوورە توڕەیەکانی دەرخست.**

**ئەو ڕۆژە بەیانییەکەی عەلی ڕۆیشتبووە ئاواییەکە تاکو لەگەڵ هاودەمەکانی دانیشێت و دۆمینە بکات، وەکو ئێوارەکەی بەیانییەکەی باران نەدەباری و کەشەکەی خۆش بوو. ئەو ڕۆژە هەمووان بە شێوەیەکی نامۆ سەیریان دەکرد، هەستی دەکرد لە پشتەوە پێی پێدەکەنن و غەیبەتی دەکەن، زۆر ناڕەحەت بوو.**

**ویستی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە کە گوێی لە قسەی چەند ئافرەتێک بوو کە پێکەوە چرپەچرپیان دەکرد، ڕێک گوێی لە دەنگی ئەو ئافرەتە دەم پیسە بوو.**

**-خۆم پێم گوتن چەندە بێ حەیایە، بەس بە گوێتان نەدەکردم.**

**-ئەیەڕۆ چی چۆن شتی وا دەبێت؟ لینا لەو کچانە نییە!**

**-کچێ ئەوە دەڵێی چی؟ بەخوا بە چاوەکانی خۆم بینیمن ماچی یەکتریان دەکرد.**

**-وەڵا داوەشین بۆ باجی مەریەم و کاک عەلی باشترە، توخوا چۆن دێڵن کچەکەیان ئاوا بێ شەرم بێت؟**

**-خۆ هەر نابێت منداڵی خۆت بەخێو بکەیت، دەبێت بزانیت چۆن پەروەردەشی بکەیت.**

**-سەیرکەن سەیرکەن چۆن کاک عەلی بە ڕێگادا دەڕوات وەکو ئەوەی هیچ نەبووبێت.**

**-دڵنیام ئێستا بووە بە قەترەیەک ئاو.**

-کچێ قەترە ئاوی چی؟ بەخوا هەر باکیشی نییە، ئەوانە هەر بۆ خۆیان عائیلەکی سەرەڕۆن.

هەموو شتێکی بیست، لە هەموو شتێک تێگەیشت.

سەری دانواند و ڕووخساری سوور هەڵگەڕا، هەم بە هۆی شەرم و هەمیش بە هۆی تورەییەوە. تەواوی ئەو ڕۆژە سەری خستبووە سەر سەرینەکە و ڕووخساری داپۆشی بوو، تورەیی و حەیاچوونێکی بێ شومار دایگرتبوو.

لە درەختەکە نزیک بۆوە و خۆی لە پشتەوەی شاردەوە. بە ئەندازەیەک دەلەرزی کە نەیدەزانی بە هۆی ترسەوەیە یان سەرمای ئەو بارانە. چەند جارێک سەیری ئەولا و ئەولای کرد، باوکی دیار نەبوو.

تەقەیەکی تر، بەر درەختەکە کەوت.

"وادەزانیت دەتوانیت خۆت حەشار بدەیت!"

باوکی بە ڕاکردنەوە لێی نزیک بۆوە، لینا ویستی ڕابکات، بەڵام پشت بە درەختەکەوە ڕانیشت و وزەی نەما. لە کاتێکدا باوکی بە خێراییەکی زۆرەوە لێی نزیک دەبۆوە، ئەوا لینا بە گریانەوە چارەنووسی خۆی قبووڵ کرد، دواتر بوورایەوە.

هەورە برووسکەیەکی بەهێز ئاسمانی ڕووناک کردەوە، ئەوە بە ئاگای هێنایەوە و هەستایەوە. سەیری ئەو شوێنەی کرد کە باوکی لێیەوە دەهات. ئەوەی بینی تووشی شۆکی کرد، باوکی لەوێ ڕانیشت بوو.

لێی نزیک بۆوە، بینی لەسەر ڕووخساری کەوتووە، جووڵاندی تاکو بیبینێت.

هەورەگرمەیەکی توند هات، خەریک بوو گوێیەکان بتەقێت، لە هەمان کاتیشدا تۆقی کاتێک ڕووخساری باوکی بینی.

پێش ئەوەی عەلی لێی نزیک بێتەوە ئەوا تفەنگەکەی پڕ کردەوە، ویستی کۆتایی پێ بهێنێت. لە پاڵ دەنگی باران و ئەو بایە توندە ئەوا دەنگێکی تریش هات، هەستی کرد لەناو دەوەنەکان کە پێنج مەتر لە خۆیەوە دوور بوون شتێک دەجووڵێت.

هاواری کرد.

"کێ لەوێیە؟!"

هیچ وەڵامێک نەبوو. کە دووبارە هەنگاوی نایەوە بۆ ئەوەی کچەکەی بکووژێت، ئەوا دووبارە دەنگەکەی بیستەوە، ئەم جارە تەقەی کرد، بەڵام گوللەکانی هیچیان نەپێکا، هیچ لەناو ئەو دەوەنانەدا نەبوو.

تفەنگەکەی پڕ کردەوە، لە کاتێکدا کە بە خێرایی خەریکی ئەوە بوو، ئەوا لەسەر ملی هەستی بە هەوایەکی گەرم کرد، هەناسەیەک. لە شوێنی خۆی ڕەق بوو، مێشکی هیچ کاری نەکرد، تەنیا ڕەق بوو.

لەپڕ ئاوڕی دایەوە دواوە و تفەنگی بە تاریکییەوە نا، دووبارە هیچ دیار نەبوو. هەناسەدانی خێرا بوو، چاوەکانی تەنیا خوێنیان دەبینی.

هەستی کرد یەکێک لەوێیە و گاڵتەی پێ دەکات، زیاتر تووڕە بوو.

"خۆت دەرخە قەحبەباب! بە من ڕادەبوێریت؟!"

لە دەوەنی پشتەوە شتێک دەرکەوت، شتێکی ڕەش.

لەناو دەوەنەکەی پشتی دارستانەکەوە هەستایە سەر پێیەکانی، باڵایەکی بەرزی هەبوو. پێستێکی لیجی هەبوو کە بە گوڵەپەلکی ڕەش داپۆشرابوو، چاوەکانیشی وەکو گڕی ئاگر زەرد بوون.

عەلی پەشۆکا، بڕوای بەوە نەدەکرد کە بینی، بڕوای بەو بوونەوەرە نەدەکرد کە بە چاوەکانی خۆی بینی.

هەناسەی لێ بڕا، نەستییەن بێ ئەوەی خۆی بزانێت چۆن ئەوە دەکات تفەنگەکەی ئاڕاستە کرد و پڕ گوللەی کرد، بەڵام هیچیان سوودیان نەبوو، کاریان لەو نەکرد. لە کاتێکدا هەر تەقەی لێ دەکرد، ئەوا هەر نزیکتر و نزیکتر دەبۆوە. عەلی سەری دانواند و خێرا دەمانچەکەی پڕ کردەوە، ڕووی لەو کردەوە و تفەنگەکەی ئاڕاستە کرد. دیار نەما، ون بوو.

چاوەکانی لە ژێر ئاو بارانەدا گوشی، خۆشی نەیزانی کە چی بینی. تورەییەکەی بیر هاتەوە، ترسی کەم بۆوە و دووبارە بەرەو لای درەختە پیرەکە ویستی بەڕێکەوێتەوە. هەر کە ئاوڕی دایەوە، ئەوا بوونەوەرەکەی لە پێشی بینی، سەری بەرز کردەوە و چاوە زەردە سامناکەکانی بینی. دەمی کردەوە و ددانە تیژەکانی دەرخستن. عەلی هاوار کرد، ئەوە کۆتا هاواری بوو.

لینا کە سەیری کرد ئەوا هاواری کرد، باوکی ڕووخساری پێوە نەمابوو.

هەورە برووسکەیەکی تر، دونیای ڕووناک کردەوە و سێبەرەکانی نیشان دا. سێبەری لینا، سێبەری ئەو.

لینا لە کاتێکدا تووشی هەناسە بڕکێیەکی توند بوو ئەوا کشایەوە بۆ دواوە، بەر ئەو کەوت. چەند گوڵەپەلکێک بەربوونەوە، هەستی بە لیجی و گەرمییەکی سەیر کرد.

کە ئەوی بینی ئەوا چاوەکانی زەق بوون، لێوەکانی دەستیان کرد بە لەرزین.

هەورە برووسکەیەکی تر.

لینا چاوەکانی تروکاند، ئەو دیار نەما.

چاوەکانی داخستن، دەمی کەمێک کرایەوە و بوورایەوە.